# لێرە و لەوێ

**داهێنانێکي نوێ : -**
**لەکاتي پەیوەندیکردن بەرامبەرەکەت ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر فەرامۆشت کردبێت**

خوێنەری بەرێز دەبێت لەمەودوا لەکاتی قسەکردن بە مۆبایل ئاگاداری خۆت بیت و بەرێزەوە قسە لەگەڵ بەرامبەرەکەت بکەیت.
لێکۆڵەرەوەکان لە پەیمانگای(ماساشوتس)سەرقاڵی تاقیکردنەوەی چرووپرن بۆ شیتەڵکردنەوەی قسەکردن و ئاستی دەنگ.
بەرێوەبەری ئەم پرۆژەیە دەڵێت : .
ئەم داهێنانە دەبێتە مایەی پتەوبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکدا . ئەم داهێنانە بۆ زانینی ئاستی وروژانی مرۆڤ، پێوەری وەرزشی بەکارهێناوە هەروەها ئاستی هێمای تێگەیشتن لە دەنگی مرۆڤدا.
ئامێری مۆبایل کە ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر قسەکەرێک لەکاتی پەیوەندیکردن زەینی کەم بێتەوە و ئەوەندە ئاگاداری پەیوەندیەکە نەبێت، ئامێرەکە بە نامەیەک ئاگاداری دەکاتەوە و پێی دەڵێت (گێل مەبە)و یا (پێویستە بەرێزتر بیت)، ئەگەر قسەکەر رێژەی (100%)ی وەرگرت ئەوا بە نامەیەک پێی دەوترێت(مرۆڤێکی زیرەکی). هەروەها ئەم داهێنانە قسەکەری بەرامبەریشت هەڵدەسەنگێنێت، بۆ نموونە پێت رادەگەیەنێت (ئەو کەسە وەک گێل رەفتار دەکات، ئایا هێڵەکە داخەم ؟).

**میسر: (30)سی ملیۆن بەشداربووی مۆبایل لە ساڵی(2008)**



وەزیری گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری میسری لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە مەزەندە دەکرێت لە کەمتر لە ساڵێکی تر ژمارەی بەشداربووانی تەلەفۆنی مۆبایل بگاتە(30)ملیۆن هاوبەش. وەزیری گەیاندن ئەم بەرفراوانیەی گەڕاندووە بۆ بەگەڕ کەوتنی سێیەمین تۆری تەلەفۆنی و مۆبایل و بەهێزی کێبرکێی نێوان تۆرەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نوێ و هێنانە خوارەوەی نرخەکان.
شایانی باسە بۆ دەساڵ دەچێت تۆری مۆبایل لە وڵاتی میسر کەتۆتە کار و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش دەکات. تۆری سێیەم کە لە نەوەی سێیەمە بۆ یەکەمجارە پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن بە هۆی ئامێری مۆبایل بۆ بەشداربووانی دەستەبەر کردووە و لە قۆناغی یەکەم بەشداربوو دەتوانێت کەناڵەکانی (نیل بۆ هەواڵەکان، محوەر، دریم 1، دریم 2، mbc) ببینێت.
وەزیری گەیاندن لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا پلانی بەستنەوەی هەموو کۆمپانیاکانی مۆبایلیان لەبەر دەستدایە لەگەڵ تۆرەکانی ئینتەرنێتی جیهانی تاوەکو بەشداربوو بتوانێت بە خێراییەکی زۆر و نرخێکی کەم سوود لە تۆرەکانی ئینتەرنێتی جیهانی وەربگرێت.

## دیاری کردنی ڕەگەزی کۆمپیوتەر



لێرەدا پرسیار دێتە پێشەوە کە ئایا کۆمپیوتەر بە ڕەگەزی نێر یان ڕەگەزی مێ دادەنرێت؟ بەڵام لێرەدا وەڵامت دەست ناکەوێت بەڵکو هەندێ بۆچوونت پێ دەدرێت کە هۆیەکی باشە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ..

مامۆستایەکی فەرەنسی باسی لەوە کرد بۆ خوێندکارەکانی کە ناو (substantive) لە زمانی فەرەنسیدا لێکچوو نییە لەگەڵ ئینگلیزی. بۆ نموونە خانوو (House) بە ڕەگەزی مێ "la maison" و پێنووس (Pencil) بە ڕەگەزی نێر "le crayon" دادەنرێت.

یەکێک لە خوێندکارەکان پرسیاری کرد کە ئایا کۆمپیوتەر دەخرێتە کام ڕەگەزیانەوە؟

لێرەدا مامۆستاکە نەیتوانی وەڵامی بداتەوە چونکە ئاسان نەبوو ، بۆیە پۆلەکەی دابەش کرد بەسەر دوو بەشدا کوڕان و کچان بۆ ئەوەی کە چەند وەڵامێک بەدەست بهێنن بۆ ئەم پرسیارە.

گرووپی کچان پێیان وابوو کۆمپیوتەر ڕەگەزی نێرە چونکە:

1. هەر کات ویستت بەکاری بهێنیت و کاری پێ بکەیت ئەبێت دایبگرسێنیت.
2. توانای پاشەکەوت کردنی زانیاری زۆرە بەڵام خۆی ناتوانێت بیر بکاتەوە.
3. یارمەتیت ئەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانت ، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی نیوەی کێشەکانە .
4. کاتێک کە دەست دەکەیت بە بەکارهێنانی یەکێک (کۆمپیوتەرێک) ، لە دواییدا بۆت دەردەکەوێت کە ئەگەر ماوەیەکی کەمی تر چاوەڕوان بوویتایە مۆدێلێکی باشترت دەست ئەکەوت.

گرووپی کوڕان پێیان وابوو کە کۆمپیوتەر بە ڕەگەزی مێ دادەنرێت چونکە:

1. ئەو زمانە تایبەتییەی کۆمپیوتەر کە بەکاردێت بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمپیوتەرێکی تر ئاسان نییە و نادیارە بۆ یەکێکی تر.
2. هەرچەندە هەڵەیەک لەدەست بدات ، بەڵام پاشەکەوت دەبێت بۆ داهاتوو لە بەشی پاشەکەوتی درێژ خایەن.
3. هەر کە دەست دەکەیت بە بەکارهێنانی دانەیەک ، نیوەی مانگانەی خۆت خەرج دەکەیت بۆ بەدەست هێنانی شتی زیاتر بۆی .

سەرچاوە: کوردئایتی گرووپ

### خزمەتگوزاری نوێ لە مۆبایلی تۆڕی (اتصالات)ی ئیماراتی



لە چوارچێوەی بەگەڕخستنی زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ بەشداربووان، دەزگای ئیمارات بۆ پەیوەندیکردن (اتصالات)، خزمەتگوزاری (ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو پەیوەندیانەی وەڵام نەدراوەتەوە) بەپێی ئەم خزمەتگوزاریە، هاوبەش لەکاتی کە ئامێرەکەی داخراوە وەیا لە دەرەوەی بازنە بوو ، یان پەیوەندی تری لەگەڵدابوو، دوای کردنەوەی ئامێرەکەی وەیا هاتنە ناو بازنە، وەیا کۆتایی هاتنی پەیوەندیەکەی، بە نامەیەک هاوبەش ئاگادار دەکرێتەوە کە چ ژمارەیەک پەیوەندی پێوە کردووە.

هیوادارین ئەم خزمەتگوزاریە و هی تریش لە تۆڕەکانی مۆبایلی کوردستانیش ببینین.




## کۆمپانیای(الثریا)ئامێرێکی ئا سمانی دەخاتە بازاڕەوە

کۆمپانیای(الثریا)ئامێرێکی نوێی خستە بازاڕەکانی ئیمارات کە بە دوو سیستەمی (GSM)و مانگی دەستکرد کاردەکات و ناوی نا (SG- o250).
ئەم ئامێرە نوێیە بە تەکنیکێکی بەرز دروست کراوە، شاشەکەی رەنگاڕەنگ و کامیرای(3/1)مێگا بیسکل و نامەی(MMS)و بلوتوس و دوو بیرگە(میمۆری) و سیستەمی(GPRS)و هەڵگری جافا و ژمارەیەکی تری خزمەتگوزاری لەخۆ دەگریت. بەهۆی کارکردنی بەدوو سیستەم، ئەم ئامێرە دەتوانێت لە سنووری تۆڕی مانگە دەستکردەکان کاربکات و ئەگەر لەم سنورەش دەرچوو ئەوا دەتوانێت کار بە سیستەمەکانی(GSM)بکات.
هەروەها راستەوخۆ دەتواندرێت ئینتەرنێت بەکار بهێندرێت و فایل تێیدا هەڵبگیرێت و رەش بکرێتەوە سەرەڕای نامە ناردن و وەرگرتن.

## یابان : . داهێنانێکی نوێ
## تەلەفزیۆنی چاویلکە : کۆمپانیای(سکالار)ی یابانی ئاشکرای کرد کە بچووکترین ئامێری تەلەفزیۆن بەرهەم دێنێت.



لە لێدوانێکیدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناوبراو رایگەیاند کەوا کۆمپانیاکەیان داهێنانێکی نوێی کردووە و ئێستا تەلەفزیۆنێک بەرهەم دێنێت کە بارستە و کێشی زۆر بچووکە و هەروەها بینینیشی زۆر روونە و دەکرێت ئەم تەلەفزیۆنە بە چاویلکە ببەسترێتەوە. کێشی ئەم تەلەفزیۆنە(35)گرامە و بارستایەکەشی یەک ئینجە سەیرکردنیشی ئەوەندە روونە هەروەک لە دووری دوو مەتر سەیری تەلەفزیۆنێکی شاشە (28)ئینجی بکەیت.ئەم تەلەفزیۆنە بە بچووکترین تەلەفزیۆنی بەرهەم هێنراو لە جیهاندا دادەنرێت و خەڵک دەتوانێت لەکاتی سواربوونی پاس و شوێنە قەرەباڵغەکان و چاوەڕوانیدا سەیری بکات و سوودی لێوەربگرێت و هەر کەناڵێکی بیەوێت سەیری بکات.



شایانی باسە ئێستا ئەم تەلەفزیۆنە لە یابان بە نرخی (800) دۆلار دەفرۆشرێت.

# ئەم سایتانە بناسە

خوێنەری بەڕێز :
لە ژمارەی رابردوودا بابەتێکمان لەسەر گرنگی شاری راگەیاندن لە رووی ئابووری و کەلتووری بڵاوکردەوە، کەوا بڕیارە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەم(شارە) گرنگە بینا بکرێت بۆ ئەوەی بە چەند شارێکی راگەیاندن لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی تر ئاشنا ببیت و بزانیت لە چ وە چەند بەش پێکهاتووە و گرنگیەکەی لە بواری ئابووری و کەلتوری لە چیدایە، فەرموو سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکە:

1. دبی www.dubaimediacity.com

2. مصر : www.empc.com.eg/ARABIC/Home/home.htm




3. ئوردن www.jordanmediacity.com

4. بەریتانیا: www.mediacityuk.co.uk/home.html

5. ئوستراليا: www.sydneymedia.com.au

